# زمانت بەردەوام شێدار بێت بە زیکر ویادی خوای گەورە

لە عبداللەی کوڕی بوسرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا شەریعەتەکانی (فەرمانەکانی) ئیسلام لەسەرم زۆر بووە، شتێکم پێ بڵێ کە دەستی پێوە بگرم؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «زمانت بەردەوام شێدار بێت بە زیکر ویادی خوای گەورە».

[صەحیحە] [رواه الترمذي وابن ماجه وأحمد]

پیاوێك سكاڵای هێنا بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەوەی پەرستنە سونەتەکان زۆر بوون لەسەری هەتا وای لێهاتووە ناتوانێت ئەنجامیان بدات بەهۆی لاوازبوونی، پاشان پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد بۆئەوەی ڕێنیشاندەری بێت بۆ کردەوەیەکی ئاسان کە ببێتە هۆی بەدەستهێنانی خێری زۆر ودەستی پێوە بگرێت. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کرد بەوەی زمانی بەردەوام شێدار وجوڵاو بێت بە یادکردنی الله -سبحانه وتعالى- لە هەموو کات وحاڵێکدا؛ ئەمیش بە ووتنی (سبحان الله والحمد لله واستغفر الله) ونزاکردن وزیکرەکانی تر.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4716

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee